## زیانەکانی هەڵمژینی دووکەڵی جگەرە

ناز ئەحمەد-ڕەحیماوە



جگەرە کێشان یەکێکە لەو کارە خراپانەی کە مرۆڤ خووی پێوە دەگرێ و ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە و دەرکەوتووە کە مرۆڤی جگەرەکێش زیاتر تووشی نەخۆشییەکانی گوێ دەبێ، هەروەها ئەوانەی جگەرە ناکێشن و تەنیا دووکەڵی جگەرەی کەسێکی تر هەڵدەمژن ئەگەری کەڕبوونیان زیاترە لە کەسانی دوور لە دووکەڵ.

لیکۆڵینەوەکانیش دەریانخستووە، ئەو دووکەڵەی لە تووتنی جگەرەوە دەردەچێت دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە گەیشتنی خوێن بۆ خوێنبەرەکانی گوێ و گوێ بێبەش دەکەن لە ڕێژەی پێویستی ئۆکسجین.

پسپۆرانیش دەڵێن: نازانین ڕێژەی ئەو دووکەڵە هەڵمژراوە چەندە کە دەبێتە هۆی کەڕبوون، بەڵام باشترین ڕێگە بۆ خۆپاراستن، دوورکەوتنەوەیە لەو شوێنانەی دووکەڵی جگەرەی تێدا قەتیس ماوە.

بۆیە ئێوەی منداڵانیش دەتوانن بە زمانێکی شیرین و بە ڕێزەوە داوا لە باوک و دایکە جگەرەکێشەکانتان بکەن کە ئەگەر جگەرەش دەکێشن با لە شوێنێکی داخراودا نەیکێشن و دووکەڵەکەی نەکەنە سینگە خاوێنەکەی ئێوەوە.

## چەند ڕێنوێنییەک سەبارەت نانخواردن

چاوان عەلی-زێویە


مرۆڤی ئاسایی لە ڕۆژانی ئاساییدا، ڕۆژانە ٣ جار نان دەخوات، و بەو جارانە دەگوترێت (ژەم). کە گرینگترینیان ژەمی بەیانیانە و پزیشکان جەختی لەسەر دەکەنەوە. مرۆڤیش وزە و هێز و توانای لە خۆراکەوە دەست دەکەوێت، بۆیە بۆ پاراستنی تەندروستیمان پێویستە ئەم ڕێنوێنییانە ڕەچاو بکەین:

یەکەم: دەبێ ڕۆژگارمان بە ژەمە خواردنی بەیانیان دەست پێ بکەین و بەبێ نانخواردن نەچینە قوتابخانە، ئەگەریش هەر حەزت لە خواردن نەبوو، بەلانی کەم پەرداخێک شیر بخۆرەوە.

دووەم: ژەمە خواردنەکانت لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا بخۆ و هیچیان لە دەست خۆت مەدە.

سێیەم: با ژەمە خواردنەکانت لەگەڵ تێکڕای ئەندامانی خێزانەکەتدا بێت و خۆت جودا مەکەرەوە و هەرگیز لە بەردەم تەلەفزیۆندا نان مەخۆ.

چوارەم: پارووەکانت بە جوانی بجاوە و هەوڵ بدە لە کاتی نانخواردندا قسە نەکەیت.





## پشووی حاجیلە

کوردستان محەمەد - ئازادی



### هە لێبێنە

- بە هەموو زمانێک دەدوێ — قەڵەم
- بە سێ برا لاقێکیان هەیە — پانکە
- بشمریت لێت نابێتەوە — ناو
- خڕە وەک هەرمێ سپییە وەک بەفر — پەموو
- دێو نییە و ددانی هەیە — شانە



### ئایا دەزانی

- نۆتەی موزیک لە پێنج خاڵ پێک هاتووە.
- ماوەی سکپڕیی ماین ١١ مانگە.
- درێژیی گەدەی مرۆڤی ئاسایی ٢٥ سانتیمەترە.
- ناوی کۆنی عەممان فیلادلفیا بوو.
- ماوەی سکپڕیی پشیلە ٦٣ ڕۆژە.



### پەندی بەرینان

ئەم وشەگەلە لەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

**سێبەر، عیلم، میوان، مزگەوت، چاکە**

- تا ماڵ وەستابێت........حەرامە
- ......... لە چاکە دەبێتەوە
- حازرخۆری بەر..........
- حیلم لە ......... چاترە
- ......... دیاریی خوایە

